# ئازادیخوازەکانی کاتالۆنیا وستەمکارانی مەدرید
# لەبەردەم تاقیکردنەوەیەکی نوێ دا

هەڵۆ بەرزنجەیی ١٢/٥/٢٠٢٤







ئیمڕۆ ٢٠٢٤/٥/١٢ هەڵبژاردنی پەرلمانی ئیسپانیایە و حکومەتەکەی پێدرۆ شانسێز سەرۆک وەزیران و سەرۆکی پارتی سۆسیال دیموکرات کە نایانەوێ ئیسپانیا پارچەپارچە بێت پێویستیان بە دەنگی پارتەکەی کارلێس پێنجیمۆندتی سەربەخۆخوازی کاتالانییە کە لە ڕاپرسییەکی ئەم دواییەدا 22% دەنگی وەک دووەم پارتی کاتالۆنیا بەدەست هێناوە.
پێنچیمۆنت کە لە ریفەراندۆمی 2017 بووە سەرۆکی کاتالانیا، و حکومەتیان دامەزراند. بەڵام هەر زوو دەسەڵاتی ناوەندی لە مەدرید بە هێزی پۆلیس ڕووبەڕوویان بوونەوە و حکومەتی کاتالۆنیان ڕوخان و سەربەخۆخوازەکانیان گرت و سزا دا و هەندێکیان هەڵاتن.پێنجیمۆنت ناچار بوو هەڵبێت و لە دەرەوەی کاتالۆنیا درێژە بە خەباتی ئازادیخوازی خۆی بۆ کاتالۆنیا بدات.بەم پێیە ناوبراو دوایی رووبەڕووی هەڕەشەکانی دادگای دەستووریی ئیسبانیا بووە و تاوانبارکرا بەوەی دەیەوێ ئەو وڵاتە پارچەبارچە بکات .
لەو کاتەوە تا ئێستا پێنجیمۆنت هەر بە سەرۆکی کاتالۆنیا تەماشاکراوە.ئەگەرچی وڵاتانی یەکێتی ئەورووپا بەتایبەت ئەوانەی خۆیان کێشەی نەتەوەییان هەیە وەک بەریتانیا کە سکۆتلەندی و وێڵز و ئیرلەندییەکانیش داوای جیابوونەوە دەکەن ،پشتیوانی سەربەخۆیی کاتالانیایان نەکرد و هەڵوێستیان بریتی بوو لەوەی کاتالۆنیا لە یەکێتی ئەوروپا وەرناگیرێ بە ئەندام و ئەم دەوڵەتە نوێیە بوێ نییە دراوی یۆرۆ بەکار بهێنێ. ئەمەش ستەمێکی گەورە و بە گەمارۆدان و ئابڵوقەیەکی سیاسی و ئابووری دادەنرا، بۆیە کاتالۆنییەکان لە بوونە دەوڵەت شکستیان خوارد.
بەڵام هەموو هەڕەشە و گورەشەی ئیسپانیا لەو وڵاتانەی ئەوروپا بەتاییەت بەلجیکا و ئەڵمانیا نەیتوانی پێنجیمۆنتی ڕادەست بکەنەوە.
بۆ ئەم هەڵبژادنە کاتالۆنیەکان هەر هاوار هاواری پێنجیمۆنت پێنجیمۆنتیانە و بە سەرۆکی و سیمبۆلی ئازادیخوازی خۆیانی دەزانن .پێنجیمۆنت و پارتەکەی ماوەیەکە لەگەڵ حکومەتەکەی شانسێز خەریکی گفتوگۆن بۆ چارەسەرکردنی دۆخەکە.
شانسێز دەیەوێ زۆرینەی پەرلەمان بەدەست بهێنێ و حکومەتی بەدەستەوە بمێنێ.بۆیە پێویستی بە دەنگی پارتەکەی پێنجیمۆنتە.لە دۆخێکی وادا دەیەوێ لێبووردنی گشی دەر بکات بۆ ئازادیخوازەکانی کاتالۆنیا ئەوانەی لە زیندان ئازادکرێن و ئەوانەشی هەڵاتوون بگەڕێنەوە .پێنجیمۆنت بۆئەوەی ئەم دەرفەتە لە دەست نەدا داوا دەکات هەڕەشە یاساییەکانی لەسەر لابرێ و وەک سەرۆک بگەڕێتەوە و بەشداری هەڵبژاردنەکان بکات و هەوڵی چارەسەکردنی کێشەکانی تریش بدەن.

شانسێز لەناوەوە لەژێر گوشاری زۆری ئۆپۆزیسیۆندایە و تاوانباری دەکەن کەا خۆی فرۆشتووە، چۆن دەست دەخاتەنە ناودەستی کەسێک بڕیاری دادگای لەسەرە و دەیەوێ ئیسپانیا لەتلەت بکات..
هەڵبەت هەلومەرجی ئێستا و ئەو هەموو زیانەی گەورەی بە کاتالۆنیا کەوت، بۆتە هۆکاری کەمبوونەوەی دەنگی سەربەخۆخوازی،و ئێستاش بێکاری و هەڕەشەی وشکبوونەوەی زەوی لە کاتالۆنیا و کەمی خانووی نیشتەجێ و زۆر کێشەی تریش ڕۆڵیان هەیە بەسەر گرانی باری ئەرکی سەرشانی سەربەخۆخوازەکانەوە... بەڵام پێنجیمۆنت و پارتەکەی هەر سوورن لەسەر ئەوەی ریفەڕاندۆمەکەی ساڵی 2016 یان تاوان نەبووە و کاتالۆنیا دەبێ سەربەخۆ بێت و بێتە دەوڵەت..
کەواتە ئەم گرفتە بە ئاسانی لە یەخەی ئیسپانیا نابێتەوە، ئەگەریش هەیە وڵاتانی تر دەست بخەنە ناو مەسەلەکەوە. هەروەک پێش ماوەیەک دەنگۆیەک بڵاو بۆوە کەوا دەزگای هەواڵگیری روسیا و پۆتین پێنجیمۆنتیان بینیوە و گفتی هاوکاری سەربازی و دارایی و زۆر شتی تریان پێداوە بە مەرجی ئەوەی ئاژاوە و ناسەقامگیریی لە ئیسپانیا و ئەورووپادا ساز بدات..ئیسپانیا ویستی ئەم تۆمەتە بقۆزێتەوە و سزا و هەڕەشەکانی لەسەر پێنجیمۆنت و کاتالۆنیا قورستر بکات، بەڵام نەیتوانی هیچ بەڵگەیەک بەدەست بهێنێ لەبەرئەوەی پێنجیمۆنت داواکەی رووسیای رەت کردبۆوە .کریستینا مۆنگەی زانستکاری ئیسپانی دەڵێ : سەربەخۆخوازەکان پارتەکەی پێنجیۆنت ERCواز لە داوای سەربەخۆی ناهێنن. پارتی ئەوانی تریش پارتەکانیPP و Vox ناچار دەکەن بێنە سەر باری سەربەخۆخوازی پ
پێی وایە دیسان پێنجیمۆنت دەبێتەوە بە سەرۆک کەواتە وەک مۆنگەی دەڵێ: ئیسپانیا دەیەوێ بە حەپی ئیبۆپرۆفین ئازارەکەی بشکێنێ. ئەمەش ستراتیژی نییە.
بێگومان کێشەی سەربەخۆیی کاتاانیا بە پینە و پەرۆ و تاکتیکی هەڵبژاردن چارەسەر نابێت و باشتر وایە لەسەر بنەمایەکی ئاشتییانە و ئاوەزمەندانە وەک ئەزموونەکەی چیک و سلۆڤاکیا بێ قڕە و هەرا دۆستانە و ئاشتییانە جیابنەوە. ئەو سنوورە دەستکردەی ئێستای ئیسپانیا پیرۆزتر نییە لە ویست و ئیرادەی نەتەوەی مافخوراوی کاتالۆنی و باسکی و چەندانی تر..
شایانی وەبیر هێنانەوەیە دەوڵەتی ئینگلیز و زۆر شوێنی تر دژ بە ویستی کورد وەستانەوە و یەکێگکی تر لەوانە بەتایبەت دەوڵەتی ئیسپانیا کاتی خۆی دژ بە ڕیفەڕاندۆمەکەی باشووری کوردستان وەستایەوە..
ئاخر وەک دەڵێن: (ئەوەی ماڵی لە شووشە بێت، لە لە بەردەفڕکێ دەترسێ)..
کتومت وەک لای خۆمان هەڕەشە و گوڕەشەی داگیرکەران هەرگیز ناتوانێ کۆڵ بە کورد بدات چۆک لەبەردەم داخوازییە نەتەوەییەکانیدا بدات!..جا ئەگەر لەسەر بنەمای تێگەیشتن و لەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندی کورد و خۆیان ئامادەی چارەسەرکردنی دۆزی نەتەوەیی و مێژوویی و سیاسی کورد بکەن، لە ئاکامدا بە سوودی خۆیانە بەر لە هەر لایەنێکی تر!... بەڵام پرسیار ئەوەیە ئایا داگیرکەرانی تورک و فارس و عەرەب ئەم ڕاستییەیان بۆ قووت دەچێت؟...!

Alle Reaktionen:
6Du, Bahjat Masifi, Goran Muhamed und 3 weitere Personen